لەسەر ڕێگای نێوان خورماتوو-کفری چەند چەکدارێکی داعش هێرشیان کردووەتە سەر سوپای عێراق

ئەمشەو ژمارەیەک چەکداری داعش دەستڕێژی گوللەیان کردووەتە سەر خاڵێکی هێزەکانی مەغاویری سوپای عیراق لەسەر ڕێگای نێوان خورماتوو-کفری لە نزیک کێڵگەی پەلەوەری حەنتوش و پاشان هەڵهاتوون بۆ شوێنێکی نادیار.

ئەمڕۆ چوارشەممە ١٩ـی ئازاری ٢٠٢٥، سەرچاوەیەک لە سوپای عێراق رایگەیاند، لە کاتی هەڵهاتنی چەکدارەکانی داعش، چەکدارێکیان بەمبی چێنراو پێیدا تەقیوەتەوە و بەهۆیەوە سوپای عێراق لە ناوچەکە بڵاوەی پێ کراوە.

ئاماژە بەوەشکراوە، لە ئێستادا ڕێگەی نێوان خورماتوو – کفری لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە و شەڕێ لە نێوان چەکدارانی داعش و هێزە ئەمنییەکان بەردەوامە.